پ – وەڵامی ڕاست بۆ ئەم دەستەواژانەی خوارەوە هەڵبژێرە :

١ - کاتی یاری بۆ ئافرەتان لە سەروی ١٦ سالی لە دوو گێم پێك دێت هەر گێمێك ماوەی؛

أ - ١٥ خولەك ب - ٢٠ خولەك ج - ٢٥ خولەك د-٣٠ خولەك

٢- ئەگەر یاریکەرێکی زیادە بچێتە ناو یاریگا بۆ مەبەستی ئاڵوگۆرین نەبێ پێویستە ناوبژیوان .

أ - ئاگادارکردنەوەی پێ بدات (کارتی زەرد) ب-دوو خولەکی پێبدات

ج - دووری بخاتەوە (کارتی سوور) د - دووری بخاتەوەو ڕاپۆرت بنوسێت

٣- بوار بە گۆڵچی نادرێت بە :

أ - بەجێهێشتنی ناوچەی گۆل بەبێ تۆپ ب- جوڵەکردن بە تۆپەوە لە ناوچەی گۆڵ

ج - بەرکەوتنی تۆپ بە پێ یان خوار ئەژنۆ کاتێ توپ لە ناوچەی گۆڵ وەستاوە. د - بەجێهێشتنی ناوچەی گۆڵ بە تۆپەوە .

٤ - کاتێ یاریکەر دەچێتە ناوچەی گۆڵ بڕیارەکە بەم شێوەیە دەبێ .

أ - هەڵدانی (٧) م کاتێك یاریکەری بەرگری ڕێگر بێ بۆ لەدەستدانی هەلێکی مسۆگەر بۆ تۆمارکردنی گۆل .

ب-هەڵدانی گۆڵچی کاتێ یاریکەری تیپی بەرامبەر بە تۆپەوە بێ .

ج- هەڵدانی ئازاد کاتێك یاریکەری بەرگری سوود نەبینێ لە چونەژورەوەی . د- هەموویان ڕاستن .

٥ - کاتێ یاریکەر تۆپ بگەرێنێتەوە بۆ ناوچەی گۆڵ بڕیارەکان بەم شێوەیە دەبێ .

أ - هەڵدانی لا ئەگەر تۆپ بەر گۆڵچی کەوت و دەرچووە دەرەوەی یاریگا. ب - هەڵدانی (٧) م ئەگەر گۆڵچی تۆپ بگرێتەوە

ج - یاری بەردەوام دەبیت کاتێ تۆپ بەر گۆڵچی دەکەوێت و دەکەوێتەوە یاریگا. د - گۆڵ ئەگەر تۆپەکە چووە گۆڵەوە .

٦ - قەبارەی نێودەوڵەتی تۆپی ژمارە (٢) چیوەکەی .

أ - ٥٨ سم _٦٠سم ب – ٥٦ سم _٥٨ سم ج – ٥٤ سم _ ٥٦ سم د – ٥٢ سم _ ٥٤ سم

پ / وەڵامی دروست بۆ ئەم بوارانەی خوارەوە هەڵبژێرە ؟

١ – سزای یاریکەر دوای کۆتایی یاری کە ووتەی نەشیاوی بە داوەران بدات ؟

أ – دورخستنەوە ب – دورخستنەوە و راپۆرت نوسین ج – راپۆرت نوسین د – سزا وەرناگرێت

٢ – دوری هێلی هەڵدانی ئازاد لە گۆڵ ؟

أ – ٩ م ب – ٧ م ج – ٦ م د – ٤ م

٣ – کاتێك هێرشبەر بەتەنها لەگەڵ گۆڵچی دەمێنێتەوە و ئامادەیە بۆ شوتکردن هاندەرێك دەبێتەرێگری ؟

أ – یاری بەردەوام دەبێت ب – یاری دەوەستێت بەهەمان شێوەبوار بە هێرشبەر دەدرێت .

ج – هەڵدانی ئازاد بۆ تیپی هێرش بەر د – هەڵدانی ٧ م بۆ تیپی هێرش بەر

٤ – هەموو هێلەکانی یاریگا پانیەکانیان ٥ سم جگە لە ؟

أ – هێلی گۆڵ ب – هێلی ٩ مەتری ج – هێلی ناوەراست د – هێلی ناوچەی گۆلچی

٥ – کاتێك یاریکەر تۆپ بگەرێنێتەوە بۆ ناوچەی گۆڵ بریارەکان بەم شێوەیە دەبێت ؟


أ – گۆڵ ئەگەر تۆپ چوە گۆلەوە . ب – هەڵدانی ئازاد ئەگەر گۆلچی تۆپ بگرێتەوە.

ج – هەڵدانی لا ئەگەر تۆپ بەسەر گۆڵ چوە دەرەوە .        د – هەمووی راستن .

٦ – سزای یاریکەر کاتێك سەرپێچیەك ئەنجامدەدات تۆپ لای خۆی گل دەداتەوە ؟

أ – کارتی زەرد        ب – دورخستنەوە        ج – وەستان ٢ خولەك        د – سزا وەرناگرێت

پ / ئەو هێمایانەی داوەر واتای چی دەگەیەنێت ؟




پ / وەك داوەرێك بریارت چۆن دەبێت بۆ ئەم بوارانە ؟

١ – یاریکەرێکی یەدەگ رێنمایی یاریکەرانی نێو یاریگای کرد لەکاتی یاری .

٢ – یاریکەرێك لەکاتی ئەنجامدانی هەڵدانی ( ٧ م ) بۆ یەکلا کردنەوەی ئەنجامی یاری

رەفتارێکی ناوەرزشی گەورەی ئەنجامدا .

٣ – چاودێری هونەری یاری فیکەی وەستانی یاری لێدا و داوەران ئاگادار نەبوون و گۆڵ تۆمارکرا.

٤ - سێ یاریکەر بەشێوەیەکی نایاسایی هاتنە نێو یاریگا لە کاتی بەرێوەچونی یاری .

٥ – یاریكەرێك بە پێخواسی هاتە نێو یاریگا بەشێوەیەكی یاسایی بۆ بەشداریكردن لەیاری .

٦ – یاریكەرێك لە پاڵدانەوە هەڵدانی ئازادی ئەنجامدا.

٧ – راهێنەری تیپێك تا خولەكی ( ٥٥ ) هیچ كاتی دابراوی وەرنەگرتبوو لە خولەكی ( ٥٦ ) كاتی دابراوی وەرگرت و لە خولەكی ( ٥٩ ) كاتێكی دابراوی تری وەرگرت .

پ / وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەوە .

١ – لە چ بوارێك دەبێتە هەڵدانی گۆلچی ؟

٢ – لە یاری تۆپی دەست هەنگاو چۆن ئەژمار دەكرێت ؟

٣ – لە چ بوارێك یاریكەر دەچێتە نێو ناوچەی گۆڵ و سزا وەرناگرێت ؟

٤ – ئەركی داوەرانی نێو یاریگا دیاری بكە ؟

٥ – ئەو سەرپێچیانەی یاریكەر راستەوخۆ سزای ٢ خولەكی پێ دەدرێت چین بیانژمێرە ؟

٦ – رێساكانی هەڵدانی ٧ م بژمێرە ؟

## پ – شێوەی یاریگای تۆپی دەست بكێشە ، لەگەڵ دیاریكردنی گشت هێڵەكلنی .